ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان

# کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت

## لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان

ئا. ئەنوەر کەریم



# كاریگەرییەكانی دابەزینی نرخی نەوت
# لەسەر عێراق و هەرێمی كوردستان

ئامادەكردنی
ئەنوەر كەریم – ئەندامی ژوری توێژینەوەكان/ گۆشەی ئابوری

ژوری توێژینەوەكان– بزوتنەوەی گۆڕان
Email: research.gorran@gmail.com
حوزەیرانی ٢٠٢٠

## پێڕست

سەرەتا ..... ٣
هۆكارەكانی دابەزینی نرخی نەوت ..... ٤
ڕێكەوتنی دوەمی ئۆپێك پلاس بۆ بەرزكردنەوەی نرخی نەوت ..... ٥
كوردستان تووشی قەیرانی دارایی و ئابوری دەبێت بەدابەزینی نرخی نەوت؟ ..... ٥
هۆكارەكانی دروستبوونی قەیرانی دارایی ..... ٦
قەیرانی ئابوری چۆن دروستدەبێت ..... ٦
بۆچی كاریگەریەكانی نەوت لەسەر عێراق و كوردستان زیاترە ..... ٧
داهاتی نەوتی هەرێم چۆن دابەشدەكرێت ..... ٩
خەرجیەكانی هەرێمی كوردستان لە دەرهێنانی نەوتدا ..... ٩
چۆن ڕێگە لە بەهەدەردان بگیرێت لەداهاتی نەوتدا ..... ١٠
كاری لە پێشینەی حكومەتی هەرێم ..... ١١
ئەركەكانی حكومەت لەم قۆناغەدا بۆ كۆكردنەوەی داهات؟ ..... ١٣
كەی نرخی نەوت بەرزدەبێتەوە؟ ..... ١٣
دەرئەنجام ..... ١٥
سەرچاوەكان ..... ١٦

## سەرەتا

ڕۆژی ٨ ئازار لەگەڵ کردنەوەی بازارەکانی چیندا نرخی نەوت ٢٠٪ بەهاکای لەدەستدا، بەجۆرێک نرخی بەرمیلێک نەوتی خاوی برێنت بوو بە ٣٥ دۆلار، لەکاتێکدا لەسەرەتای مانگی ئازاردا نرخی هەر بەرمیلێک نەوتی خاوی برێنت ٤٥ دۆلار بوو. دۆخەکە هەر لەو ئاستەدا نەوەستا ئەوەبوو هەمان ڕۆژ، نرخی نەوتی برێنت زیاتر دابەزینی بەخۆیەوە بینی و سەرئەنجام نەوت لەو ڕۆژەدا نزیکەی ٢٥% بەهاکەی لەدەستدا. لە ڕۆژی ٢٠ نیساندا نەوتی شیڵی ئەمریکی دابەزی بۆ خوار ٤٠.٣٢ دۆلار بۆ یەکەمجار لە مێژوی مرۆڤایەتیدا لەبەر ئەوەی کۆنتراکتیFUTURE بۆ مانگی مایس ئیکسپایەر بوو، لەو ڕۆژەدا ئەو کەسانەی کە نەوتیان کڕیبوو دەبوو نەوتەکەیان وەربگرن، ئەوەش لەبەرئەوەی ڕێنمایەکانی یاساکانی کەرەنتین ڕیگای نەدەدا بە هاتوچۆکردن، لەگەڵ نەمانی جێگە بۆ خەزنکردنی نەوت، یان گرانبونی خەزانەکانی هەڵگرتنی نەوت، هەروەها دڵنیایی بۆ هەڵگرتنی نەوتەکە زۆر گران دەکەوت. بەم هۆکارە زۆرێک لە کڕیارەکان دەیانویست نەوتەکەیان لە کۆڵبێتەوە و پارەیان دەدا بەو کەسانەی کە نەوتەکەیان لێوەردەگرن.

ئەم دابەزینەی نرخی نەوت، لەسەرەتای ئەمساڵەوە دەستی پێکرد، لە ٢ مانگی ڕابردو، کە بەکۆی گشتی نرخی نەوت نزیکەی ٦٣% بەهاکەی لەچاو ساڵی ڕابردودا لەدەستداوە.

بەڵام لەدوای ڕێککەوتنەکانی ئەم دواییەی ئۆپیک پڵەس وردە وردە نرخی نەوت بەرزبویەوە. لە ئێستاشدا نرخی نەوت نزیکەی ٤٢ دۆلارە. ئەگەر ئەو پربونەی کەلەبازاری نەوتدا هەیە کەم ببێتەوە، ئەوکات نرخی نەوت زیاتر بەرز دەبێتەوە.

ئەوەی ئێمەش لەمیانەی ئەم ڕاپۆرتەدا تیشکی دەخەینە سەر، بریتییە لەدابەزینی نرخی نەوت و کاریگەرییەکانی لەسەر دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان و عێراق.

## هۆکارەکانی دابەزینی نرخی نەوت

له چەند مانگی رابردودا دو هۆکاری سەرەکی رۆڵی بەرچاویانگێرا لەدابەزینی خێرایی نرخی نەوتدا، ئەوانیش بریتی بون لە:

١- ڤایرۆسی کۆرۆنا: تەشەنەسەندنی خێرای ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەجیهاندا، کاریگەری کردە سەر نرخی نەوت لەبازارەکانی جیهاندا، بەتایبەت کە لەئێستادا کۆرۆنا بەگشتی لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە، بەم هۆکارەش جۆرێک لە شڵەژان و ناسەقامگیری بۆ دۆخی ناوخۆی ئابوری وڵاتان و بازاری جیهانی دروستکردوە، بەمەش کۆرۆنا لەلایەک جوڵەو گواستنەوەو گەیاندن و بازرگانی و پیشەسازی پەکخستوە، هاوکات خواستی بۆ بەکاربردنی سوتەمەنی و نەوتی خاو بە ڕادەیەکی زۆر کەمکردوەتەوە. ئەمەش بوەتە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ دابەزینی نرخی نەوت. بەواتایەکی دیکە هەتا دۆخی کەرەنتین لە جیهاندا بەردەوام بێت و ڤاکسینێک بۆ چارەسەری کۆرۆنا نەدۆزرێتەوە، ئەوا بێگومان هیچ هیوایەک نیە بۆ بەرزبونەوەی نرخی نەوت، پێدەچێت ئەم دۆخەش درێژە بکێشیت تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ.

٢- ڕێکنەکەوتنی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک پڵەس: ڕێکنەکەوتنی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک پڵاس، لەناو خۆیاندا، لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوت. بەتایبەت سعودییەو ڕوسیا، وەک دوو گەورە بەرهەمهێنەری ناو ئەو ڕێکخراوە، کاتێک لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان ڕێکنەکەوتن، ڕاستەوخۆ هەردوکیان شەڕی نرخیان دەستپێکرد.

ئەوەبوو سعودییە بۆیەکەمجار هێندە نرخی نەوتی بۆ کڕیارەکانی خۆی دابەزاند، کەلە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردودا، هەرگیز کارێکی لەوجۆرەی نەکردبو. سعودییە بڕیاریدا بەهەموو توانی خۆی نەوت بەرهەمبهێنیت، کە رۆژانە دەگاتە ١٢.٣ ملیۆن بەرمیل نەوت، هەروەها عێراق و کوێت و ئیمارات و نەیجیریاش، بڕیاریان دا لە مانگی نیساندا، بری بەرهەمیان زیاد بکەن، بەم جۆرەش چاوەروان دەکرا نرخی نەوت زیاتریش دابەزێت، بەهۆی ئەو زیادبونەی برە بەرهەمی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوتەوە.

بۆ نمونە عێراق بڕیاری دا لە مانگی نیساندا رۆژانە بری ٣٥٠ هەزار بەرمیل بۆ بازارەکانی جیهان زیاد بکات. هاوکات بە بری ٥ دۆلار کەمتر داشکاندن بکات بۆ وڵاتانی ئاسیاو ئەوروپا، هەرچەندە ئەم داشکاندنەی عێراق بەراورد بەداشکاندنەکەی سعودییە بۆ کڕیارەکانی کەمترە.

ئەم دوو هۆکارە لەماوەی رابردودا یارمەتیدەر بون بۆ دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، هەرچەندە تا ئێستا جیهان بەدەست کۆرۆناوە دەناڵێنێت، بەڵام  وڵاتانی ئەندامی ئۆپیک پڵەس لەکۆتایی مانگی نیساندا ڕێکەوتن، لەسەر کەمکردنەوەی بەرهەمی رۆژانەی نەوت، ئەمەش وایکرد وردە وردە نرخی نەوت بەرز ببێتەوە لەمانگی مایسدا.

## ڕێکەوتنی دووەمی ئۆپێك پلاس بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت

سعودیەو ڕوسیا ڕێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ناو هاوپەیمانییتیەکە کە لە ١.٥.٢٠٢٠ وە، بڕی ٩.٧ ملیۆن بەرمیل، کەمتر هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکەن. ئەمەش ماوەماوە بڕەکەی کەمتر دەبێتەوە. هەرچەندە ئەم بڕە زۆر کەمەو زۆر درەنگ دەستیان پێکرد. چونکە یەدەگی نەوتی جیهانی بەتەواوی لە پڕ بووندابوو، هەروەها کەشتیەکانی ناو ئاوەکان هەمویان پڕ بوون . هاوکات لەم چوارچێوەیەشدا، پێوسیتە عێراقیش پابەند بێت بەکەمکردنەوەی ١ ملیۆن و ٦٠ هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا. بەڵام تا ئێستا عێراق پابەند نەبوە بەکەمکردنەوەی ئەو برەی کە بۆی دانراوە.

## ئایە کوردستان توشی قەیرانی دارایی و ئابوری دەبێت بەدابەزینی نرخی نەوت؟

قەیرانی ئابوری و دارایی دوو کێشەی پێکەوە گرێدراون. بە گشتی قەیرانی دارایی پۆلێن دەکرێت بۆ ٢جۆری سەرەکی:

- کێشەی دراو و وەستانی لەناکاو.
- قەرز و کێشەی بانکی.

١- کێشەی دراو و وەستانی لە ناکاو: مەبەست بەهای دراوی وڵاتانە لە بازاڕەکانی جیهاندا. واتە هەرکاتێک دراوی وڵاتێک دابەزی، وەک دابەزینی بە های لیرەی تورکی لە ساڵی ٢٠١٨، یاخود و دابەزنینی بەهای پاوەند، دوای هاتنە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپادا. ئەم دابەزینە توانای هاوردەکردنی شتومەک و بازرگانی لاواز دەکات و زیان بەئابوری ئەو وڵاتە دەگەیەنێت.

ئەوەی پەیوەستیشە بەوەستانی لەناکاو، واتە جوڵەی سەرمایەو بەگەڕخستنی پرۆژەی نوێ کە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بەرهەم و بەکاربردنیش. ئەم جۆرە قەیرانە زیاتر هۆکاری دەرەکی دروستی دەکات وەک سزای ئەمریکا بەسەر ئێراندا.

٢- قەرزی ناوخۆ و دەرەکی و کێشەی بانکی: ئەمەش جۆرێکی ترە لە قەیران، کە هەندێ وڵات دەکەوێتە ژێر قەرزی ناوخۆ و دەرەکی. هەرێمی کوردستان قەرزداری ناوخۆو قەرزداری کۆمپانیاکانی دەرەوەیە.

دەربارەی قەیرانی بانکیش دەکرێت کەوتنی یەک بانکی گەورە لەوڵاتێکدا، ببێتە هۆی کەوتنی بانکەکانی دیکە. وەک ئەوەی لە ئەمریکادا ڕویدا لە ساڵی ٢٠٠٨. هەرچەندە هەرێمی

کوردستان سیستەمی بانکی زۆر لاوازە، لە بەرئەوە کەوتنی بانکێکی کەرتی تایبەت ئەو زیانە بە ئابوری هەرێم ناگایەنێت.

## هۆکارەکانی دروستبونی قەیرانی دارایی

قەیرانی دارایی چەند هۆکارێکی هەیە ئەوانیش:

١- بەرزبونەوەی بەهای شتومەک لە بازاڕدا، بۆ نمونە کە نەوت دەگاتە نزیکەی ١٤٠ دۆلار ئەمە هەڵئاوسان دروست دەکات و دەبێتە هۆی دروستبونی قەیرانی دارایی.
٢- قەیرانی دارایی بە هۆی کێشەی سیاسیەوە دروست دەبێت، وەک چۆن ئەمریکا بەهۆی کێشەی سیاسییەوە سزای سەپاند بەسەر فەنزویلاو ئێراندا، سەرئەنجام بەئێستاشەوە ئەو دو وڵاتە ماوەی چەند ساڵێکە دوچاری قەیرانی دارایی و ئابوری بونەتەوە.
٣- خەرجکردنی زیاتری حکومەت لە داهاتی حکومەت، بەمەش بودجەی وڵات بەردەوام توشی کورتهێنان دەبێت، سەرئەنجام دوای چەند ساڵێک دوچاری قەیرانی دارایی دەبێت.
٤- نرخی دابەزینی هەناردەی سەرەکی وڵات، وەک نەوت کە هەرێمی کوردستان و عێراق و سعودییەو وڵاتانی تر. بەمەش قەیرانی دروستدەبێت، چونکە ناتوانێت پێویستە داراییەکانی دابینبکات.
٥- داڕوخانی نرخی خانوبەرە لە ئەمریکا، کە بەهۆی جیهانگیریەوە وڵاتانی ئەوروپاشی گرتەوەو ئەمریکاشی دوچاری قەیرانی داریی کرد.

## قەیرانی ئابوری چۆن دروستدەبێت

١- قەیرانی ئابوری کاتێک دروستدەبێت کە کۆی قەبارەی ئابوری وڵات ڕوو لە کەم بونەوە دەکات.
٢- کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆ کەمدەبێتەوە، بەراورد بەساڵانی ڕابردوو، لە بەرئەوەی بە گشتی دانیشتوانی ناوخۆی وڵاتان لەگەشەکردندایە، بۆیە پێویستە قەبارەی ئابوری وڵات بەرەو زیادبون بڕوات یان تووشی وەستان نەبێت.

لە ڕاستیدا هەردو قەیرانەکە پەیوەندیدارن بەیەکەوە، چونکە قەیرانی دارایی دەبێتە هۆی دروستبونی قەیرانی ئابوری، بەوپێیەی قەیرانی دارایی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر نرخی شتومەک و بانکەکان، ئەمەش کاردەکاتە سەر جوڵەی بازرگانی و بازاڕو بەرهەمهێنان کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانی ئابوری.

## بۆچی دابەزینی نرخی نەوت لەسەر کاریگەریەکانی عێراق و کوردستان زیاترە

بەوپێیەی عێراق لەئێستادا پابەندە بەم سێ بابەتەوە:

- **١- نرخی نەوت دابەزیوەو نزمە.**
- **٢-عێراق دەبێت پابەند بێت بەکەمکردنەوەی بەرهەمی نەوت بەرامبەر بە ئۆپیک.**
- **٣-خۆپاراستن لە پەتای COVID-19 بەمەش بازاڕو بازرگانی و جوڵەوکەرتی گەشتیاری پەکخستوە.**

لەبەرئەم سێ لایەنەش، دابەزینی نرخی نەوت، کاریگەرییەکی نەرێنی و راستەخۆی دەبێت لەسەر سیستەمی ئابوری و حکومڕانی و ژیانی رۆژانەی هاونیشتیمانیانی عێراق و هەرێمی کوردستان. چونکە عێراق و هەرێم وەک یەک ئابوری و داهاتیان وابەستەیە بەهەناردەو فرۆشتنی نەوتەوە. لەبەر ئەوەش دابەزینی نرخی نەوت و کەمکردنەوەی بەرهەم، زیانی گەورەی ئابوری لەهەردولا دەگەیەنێت و ئاستی قەیرانەکانیان قوڵتر دەکاتەوە. پێشتر ئاماژەی بۆکرا، نرخی نەوت لە ئێستادا نزیکەی ٦٣٪ بەهاکەی لەدەستداوە. ئەم دابەزینە زۆرەش بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان گاریگەرە، کە نزیکەی ٨٠٪ بۆ ٩٠٪ی داهاتیان پشت بە نەوت دەبەستێت، عێراق مانگانە داهاتەکەی نزیکەی ٤٠٠% کەمیکردوە، ئەم نرخەی ئێستای نەوت هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی بودجەی عێراق توشی کورتهێنانی گەورەتر ببێتەوە، ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی کە داهاتی عێراق و هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی بەرچاو دابەزین بەخۆیەوە ببینێت.

بەپێی راپۆرتەکانی بانکی نیودەوڵەتی ئابوری عێراق لەساڵی پاردا بە ڕێژەی ٤.٤ % گەشەیکردوە. بەڵام ئەگەر وابروات ئەمساڵ بە ڕێژەی ٩.٧% پاشەکشە دەکات، وە ئەگەر ئەم نرخەی ئێستا زیاتر دابەزێت، ئەوا بێگومان داهاتی عێراقیش زیاتر دادەبەزێت. ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دۆخی ئابوری و دارایی عێراق و کوردستان بەجێدەهێڵێت.

حکومەتی عێراق بۆ بودجەی تەشغیلی، ساڵانە پێویستی بە ٦٧ ملیار دۆلار هەیە بۆ بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانی، واتە لەسەرو ٣٩ % تێکرای بەرهەمی ناوخۆ. بەڵام ئەگەر نەوت بە ٣٠ دۆلار بمێنێتەوە ئەوا کورتهێنانی بودجەکەی بەڕێژەی ٢٩% دەبێت بەتێکرای بەرهەمی ناوخۆ. لەبەر ئەوەی عێراق لەسەرەتای ساڵدا کۆمەڵێک بڕیاریدا وەک:

١- ژمارەی موو چەخۆرانی عیراق زیادیکردوە بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە.
٢- ڕیژەی ساڵاکانی خانەنشینی کەمیکردوە.

ئەگەر عێراق دەستبات بۆ یەدەگی دراوە بیانیەکەی کە بەپێی راپۆرتی FININCIAL TIMES یەدەگی دراوەکەی ٦٨ ملیار دۆلارە، ئەمەش دەبێتە هۆی:

- ✓ دابەزینی نرخی دراوی عێراقی.
- ✓ هەڵئاوسان لەنرخی شتومەکدا.

**بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە، حکومەتی عێراق دەتوانێت ئەم ڕێکارانە بگرێتە بەر؛**

١- چاپکردنی پارە

٢- قەرزکردن لە بانکەکانی ناوخۆ.

٣- قەرزکردن لە بانکەکانی دەرەوە، بەتایبەتی کە لە ئێستادا ڕێژەی سوودی بانکی زۆر نزمە لە جیهاندا.

٤- دەتوانێت قەواڵە (بۆند - سەنەد) بفرۆشێت، کە زۆربەی وولاتان پەنای بۆدەبەن.

**عێراق دەبێت چی بکات بۆ چارەسەر؛**

١- چاکسازی ڕیشەیی بکات لە هەموو سێکتەرەکاندا.

٢- ئابوریەکەی هەمەجۆر بکات.

٣- ڕێگە بدات کەرتی تایبەت سەرپەرشتی بوژانەوەی ئابوری عێراق بکات.

٤- چاکسازی بکات لە کەرتی دارایی عێراقدا، هەرچەندە وەزیری دارایی عێراق یەکێکە لە کەسە شارەزا سەرکەوتوەکان لە بواری دارایی و ئابوری لە جیهاندا.

٥- سەرچاوە مرۆییەکان بەهێز بکات.

٦- کەرتی تایبەت، سەرپەرشتی بوژانەوەی ئابوری بکات. بەتایبەتی لەکەرتی کشتوکاڵدا، گەشە بدات بە پیشەسازی خواردن Agri-food industrial.

٧- حکومەتی ئەلیکترۆنی دروستبکات، بەمەش یارمەتی دیجیتاڵ ئیکۆنۆمی دەدات، واتە بەکارنەهێنانی پارە لەلایەن بەکاربەرانەوە.

عێراق لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا، ڕۆژانە ٣.٤٤ ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە کردوە. بەمەش داهاتی عێراق لە مانگی نیساندا تەنها١.٤ملیار دۆلار بوە. ئەگەر ئەم ژمارەیە بەراورد بکرێت بەمانگەکانی ساڵی پار، کە ئەوکات داهاتی مانگانە لەسەرو ٦ ملیار دۆلارەوە بوە.

ئەم دابەزینە بەردەوامە، کێشەی زۆر بۆ عێراق دروست دەکات. بەپێی قسەی ئابوریناسان بۆ هەر بەرمیلێک نەوت کە نرخەکەی ١٠ دۆلار دادەبەزێت، ئەوا کاریگەری ٣٪ بۆ ٥٪ لەسەر کەمبونەوەی تێکرای داهاتی ناوخۆ دروست دەکات، بۆ ولاتانی وەبەرهێنەری نەوت. بۆیە لەگەڵ بەردەوامی دابەزینی نرخی نەوت، ئەوا پاشەکشەی گەورە لە ئابوری عێراقیدا چاوەروانکراو دەبێت. ئەوە جگە لەپێدانی هەقدەستی کۆمپانیاکان و بەردەوامبونی گەندەڵییەکی زۆر لەم کەرتەدا.

## داهاتی نەوتی هەرێم چۆن دابەشدەکرێت؟

حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە مانگی نیساندا رۆژانە ٤٩٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەناردەکردوە، بەڵام بەردەوامی ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری بۆ بازارەکان و نرخی نەوت دروستکرد. بەمەش تێکڕایی نرخی نەوتی برێنیت لە مانگی ئازاردا کە (٣٢) دۆلار بوە بەرمیلێک، بەڵام لە مانگی نیساندا کە زۆرینەی وڵاتان لەدۆخی کەرەنتینندا بون، تێکڕای نرخی نەوتی برێنت گەیشتە ١٩ دۆلار.

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی شەڕی نرخ لەبازاڕدا، کە داشکانی زیاتری فرۆشتنی نەوتی لێکەوتەوە، لەگەڵ پێدانی پارەیەکی زۆر بە کۆمپانیاکانی سیکویریتی و هەقی گواستنەوەو پشکی کۆمپانیاکان لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە کەبەرێوبەری خەرجییەکانی کەرتی نەوتە، سەرئەنجام وەزارەتی دارایی تەنها چەند دۆلارێکی لەبەرمیلێکدا بۆ دەمێنێتەوە، ئەمەش حەتمیەتی رودانی قەیرانی دارایی بۆ هەرێم لەداهاتودا زیاتر دەبێت.

ئەگەر نرخی نەوت زیاتر دابەزین بەخۆیەوە ببینێت، ئەوا کۆمپانیاکانی وەبەرهێنەری نەوت لە کوردستاندا دەتوانن بەردەوامبن لەکارکردن، چونکە تێچوی دەرهێنانی یەک بەرمیل نەوت لە زۆرینەی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستاندا تەنها ٣ دۆلارە ئەمەش تێچویەکی باشە، ئەمەش بەپێی ئەو کۆنتراکتەکانی حکومەتی هەرێم، کە بەوجۆرە لەگەڵ کۆمپانیاکاندا ئەنجامیداوە. لەئێستاشدا ئەو کۆمپانیایانە بەشێکی بەرچاویان هەیە لە پشکی نەوتدا، بۆیە سەرەرای دابەزینی نرخی نەوت، ئەوان هەربەردەوام دەبن لە کارکردن. بەڵام ئەگەر حکومەتی هەرێم بەردەوام بێت لە پێدانی شایستەی دارایی کۆمپانیاکان، ئەوا بەرهەمهێنانی نەوت هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام وەبەرهێنان لەکێڵگەکاندا کەم دەبێتەوە، ئەوەش بە هۆی نزمی نرخی نەوتەوە.

## خەرجیەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرهێنانی نەوتدا

بە پێی دواین ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت، کە وردبینی دەکات بۆ داهاتی نەوتی هەرێم، بۆ ساڵی ٢٠١٩ کە ئەو کات نەوت لەچاو ئێستادا نرخەکەی زۆر بەرزبوو تێکڕایی نرخی نەوتی برێنت بۆ ساڵێ ٢٠١٩ نرخەکەی ٦٤.٢٨ دۆلار بوە، هەرێمی کوردستان نەوتەکەی بە تێکڕایی بە ٥٢.٧٦ دۆلار فرۆشتوە بۆ ئەو ساڵە، واتە هەرێم نەوتەکەی بە١١.٥٠دۆلار کەمتر فرۆشتوە لە تێکڕایی نرخی نەوتی برێنت لە بازارەکانی جیهاندا. بەڵام ئەمە ڕاست نیە، چونکە حکومەتی هەرێم نەوتەکەی بەو برە کەمە نەفرۆشتوە، بەپێی زانیارییەکان، هەرێمی کوردستان لە مانگی ١١ ساڵی ٢٠١٩دا نەوتەکەی زۆر بەگرانتر لە نرخی نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا فرۆشتوە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە نەوتی هەندێک لە کێڵگەی نەوتییەکانی کوردستان نەوتەکەی قورسە، هەرچەندە کە نەوتی ئێران و فەنزوێلاش قورسە

بەڵام لەلایەن ئەمریکاوە سزایان خراوەتە سەر، ئەمەش هۆکار بوە بۆ زیادبونی خواست لەسەر نەوتی قورسی کوردستان، هەر بەپێی زانیارییەکانی راپۆرتی بلومبێرگ، چینیەکان زۆر بەگرانتر نەوتی خاوی، کوردستانیان کڕیوە بۆ هەر بەرمیلێک بە ٢-٣ دۆلاریان زیاتر فرۆشتوە.

**تێچوی نەوتی کوردستان لەم خاڵانەی خوارەوە دا کۆدەبێتەوە؛**

١- کوردستان نەوتەکەی بە بڕێکی زۆر کەمتر دەفرۆشێت لە بازارەکانی جیهاندا.
٢- بڕی ٣.٤٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، تێچوی گواستنەوەی نەوتە بە بۆری بۆ ناو تورکیا.
٣- چەند دۆلارێک بۆ هەر بەرمیلێک، ئەمەش بۆ کۆمپانیا کانی سیکویرتیە، کە دیارە سەر بە بەرپرسەکانی پارتی و یەکێتین.
٤- ٠.٢٥ دۆلار بۆ هەربەرمیلیک، داشکاندن بۆ کڕیارانی نەوتی هەرێم کە لە پێشەوە پارە دەدەن.
٥- ٤.٣٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، تێچوی گواستنەوەی بۆری نەوتی کوردستان کە لەلایەن ڕۆزنەفتی رووسی و کۆمپانیای کار گروپ خاوەنین، کەئەم بڕە هێجگار گەورەیە.
٦- پشکی کۆمپانیاکان، ئەمە بەهۆی نرخی نەوتەوە دەگۆڕێت، واتە هەتا نرخی نەوت بەرز بێتەوە پشکی کۆمپانیاکانیش بەرز دەبێتەوە، بەپێچەوانەشەوە واتە لەبەرزترین نرخی نەوتیشدا پشکی کۆمپانیاکیان بەرزدەبێتەوە.

کەواتە بەتێکڕای نزیکەی ٣/١ نرخەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەنجیننەی وەزارەتی دارایی، وە ٣/٢ نرخەکەی دەڕوات بۆ خەرجیەکان .

## چۆن ڕێگە لە بەهەدەردان بگیرێت لەداهاتی نەوتدا

١- نەوتی کوردستان بە هەرزان نەفرۆشرێت، چونکە هیچ وڵاتێک نەوتەکەی ئەوەندە داشکان ناکات بۆ کڕیارانی، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە شاردنەوەی داهاتە، بەناوی هەرزان فرۆشتنەوە، وەک چۆن پێشتر باسمانکرد، نەوت بە گرانتر فرۆشراوە، نەک بە هەرزانتر.
٢- ئەو بڕەی کە بۆ هەر بەرمیلێک، بەناوی کۆمپانیای سیکویریتییەوە دەدرێت. ئەمە پێویستە لیواکانی نەوت و گازی پێشمەرگە لەو شوێنانە دابنرێن، یان ئەو هەموو یەکەی پاسەوانەنە کە نیوەیان بندیوارن، بڕۆن پاسەوانی ئەو کێڵگە نەوتیانە بکەن، چونکە ژمارەی کێڵگە نەوتییە بەرهەمهێنەرەکان کەمن و لیواکانی نەوت گاز دەتوانن بیپارێزن. هاوکات بودجەی ئەو لیوایانە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەمەش ئەو پارەیەی کە دەدرێتە کۆمپانیاکانی سیکیوریتی دەتواندرێت لەم ڕێگەیەوە بگەرێندرێتەوە بۆ گەنجینەی وەزارەتی دارایی.

٣- باج بخرێتە سەر کۆمپانیاکان وەک وەبەرهێنەرانی نەوت و کۆمپانیا خزمەتگوزاریەکانی بواری نەوت لە هەرێمدا، لە هیچ شوێنێکی دونیادا نیە کۆمپانیا پشکی ئەوەندە زۆر بێت و باج نەدات، پێویستە باج بخرێتە سەر داهاتی فەرمانبەرە بیانیەکانی کۆمپانیاکانیش هەروەها، چونکە رۆژانە کرێکەیان زۆرە، هاوکات پێویستە کۆمپاننیاکان باج لە قازانجیش بدەن.

## کاری لە پێشینەی حکومەتی هەرێم

لەئێستادا پێویستە حکومەتی هەرێم لەگەڵ تەشکیلکردنی حکومەتی تازەی عێراقدا، رێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی بەشی کوردستان لە پشکی بودجەی عێراق دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی هەرێم لەداهاتودا پشکەکەی لە بودجەی عێراقدا مسۆگەر بکات.

کارێکی دیکەی حکومەتی هەرێم، پێویستە بەهەمەجۆر کردنی ئابوریەکەی و پەرەدان بەکەرت و سێکتەرەکانی دیکە، بۆ ئەوەی جگە لەداهاتی نەوت بتوانێت، داهاتی دیکەش بۆ خۆی دەستبەر بکات، بۆ ئەوەی چیتر لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتدا، وەک سالآنی رابردو روبەروی قەیرانی قوڵی دارایی نەبێتەوە.

جگە لەو دوو خاڵەی کە باسکران، پێویستە حکومەتی هەرێم، هەرچی زووە ئەم رێکارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

١- کەمکردنەوەی خەرجیەکانی حکومەتی هەرێم، واتە رێگە بگیرێت لە بەهەدەردانی سامان و بە هەموو شێوەیەک خەرجی زیادەرۆیی نەکرێت.

٢- بەخشینی گومرگی بە هیچ شێوەیەک و لەسەرهیچ کالآیەک نەمێنێت، چونکە وەبەرهێنەران لەم رێگایەوە کالآیەکی زۆر دەهێننە کوردستانەوە، جگە لەوەی گومرک نادەن، هاوکات زیان بە بازرگانانی ناوخۆش دەگەیەنن.

٣- بەخشینی ترانزێت بەهیچ شیوەیەک نەمێنێت، بۆنمونە کاتێک دەسەلآتداران کالآیەک دەهێنن بەناوی ترانزێتەوە وە گومرک نادەن یان بەناوی وەبەرهێنانەوە.

هەرچەندە ئێستا ئەم بریارە دەرچوە لە رۆژی ٢٣-٤ -٢٠٢٠ کە هیچ جۆرە بەخشینێک نەمێنیت، دوای چەندین ساڵ شاردنەوەی داهات لە خەڵک، بە مەش خەڵک زیانی گەورەی بەرکەوتوە. لەخاڵە سنوریەکانی هەرێمدا کۆمپانیاکانی دەسترۆیشتوی حیزب، بەناوی جیاجیاوە کاردەکەن. وەک مانیفێست و دڵنیای و ریکخستنی کارو بارەکان پارەیەکی زۆر پەیدا دەکەن کە مەزندە دەکرێت بە ٥٠ ملیۆن دۆلاری مانگانە. حکومەت خۆی دەتوانێت ئەم کارانە بکات بە هۆی زۆری فەرمانبەرەکانیانەوە، بەمەش ئەو داهاتانە دەگەڕیتەوە بۆ حکومەت، چونکە زۆر گرنگە بەرهەمی کاری کاتژمێری کارکردنی فەرمانبەران بە بەرهەم بێت.

٤- ڕێکاری مەرزەکان توندتر بکرێتەوە، بەتایبەت کاتێک هەندێک لە دەسەڵاتداران، ڕۆژانە بە زەبری هێز، کاڵای جۆراوجۆر دەهێننە ناو خاکی هەرێمەوە، بە بێ ئەوەی ڕێگرییان لێ بکرێت، یاخود گومرگ بکرێن.

٥- زیاترکردنی باجی سەر کۆمپانیا گەورەکان، بەتایبەت ئەو کۆمپانیایانەی کە سەرمایەیەکی زۆریان لەژێر سایەی حکومەتی هەرێمدا کۆکردۆتەوە. بۆیە لەئێستاشدا پێویستە پشکی گەورەیان بەرکەوێت، بەتایبەت لە کاتی ئەو قەیرانانەی ک لە هەرێمدا ڕوو دەدەن. دەبێت باجێکی زۆرتر یان باج زیادبکرێت لەسەریان و دابەش بکەرێت بەسەر خەڵکدا. بۆ ئەوەی خەرجییکەن تا جوڵە بکەوێتەوە ناو بازاڕ، چونکە ئەو کۆمپانیا گەورانە هەر پارە دەخەنە سەرپارە، ئەمەش بە کەڵک نایەت لە سوڕی ئابوریدا تا دۆخی ئابوری بەرەو هەڵسانەوە بڕوات.

٦- ڕێکخستنەوەی باجی کۆمپانیاکان، بەتایبەت لەئێستادا بەشێکی بەرچاوی کۆمپانیاکان. لەوەزارەتی دارایی هەرێمدا تۆمار نەکراون. کە ئاماری کۆمپانیاکان لە هەرێمدا نزیکەی ٣٠ هەزار کۆمپانیایە لەمانە ٤٠٠٠ هەزار کۆمپانیای بیانیە.

٧- ڕێکخستنەوەی کارەکانی ڕسومات و کاری فەرمانگاکانی حکومەت و ڕێکخسنەوەی باج لەسەر کەرتە خزمەتگوزارەیەکان و تابلۆکان، دەبێت حکومەت فشاری زۆر نەخاتە سەر خەڵک.

٨- تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت لەلایەک بۆ ئیدارەدانی سامانی سروشتی و لەلایەکیش بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری (کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار)، بۆ ئەوەی هەرێم تەنها پشت بەیەک جۆرە چەشنی داهات (داهاتی نەوت) نەبەستێت و خۆی بەدور بگرێت لەوەی بەیەکجاری ببێتە دەوڵەتێکی کرێخۆر.

٩- هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بداتە پیشەسازییەکانی نەوت و گاز، وەک پیشەسازی پترۆکیمیاوی و دانانی پاڵاوگە، واتە تەنها گرنگی بەدەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت نەدات. لەوکاتەشدا ئەگەر نەوت دابەزێت دەتوانێت نەوتەکە بەناوخۆ بفرۆشێت، ئەوەش لە ڕێگای وەستانی هێنانی بەنزین لە تورکیاو ئێران، لێرەشدا نەوتی کوردستان لە ڕێگای پاڵاوگەکانی ناوخۆ نەوتی سپی و بەنزینی لێدروستبکرێت. بەمەش داهاتێکی باش بۆ حکومەت دروست دەبێت، حکومەتیش دەتوانێت بەشێکی باش لە نەوتەکەتی هەرێم بۆ ئەو کارە بەکاربهێنیت.

١٠- وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەت لەسەر کۆمپانیاکان و بازرگانان هەرچەندە ئەمە لە یاسای چاکسازیدا سەپێندراوە، بۆیە پێویستە ئەو قەرزانە وەربگیریتەوە کە برەکەی ٧٥٠ ملیار دینارە.

١٠- یاسای چاکسازی باس لە ڕێکخستنەوەی موچەو نەسریەی پلە باڵاکان و کەمکردنەوەی خەرجیەکانیان و نە هێشتنی خەرجیە ناپێویستەکان دەکات، پێویستە بەزوترین کات جێبەجێبکرێت و دەستی دەستی پێنەکرێت.

## ئەرکەکانی حکومەت لەم قۆناغەدا بۆ کۆکردنەوەی داهات؟

بە ئەلیکرتۆنیکردنی حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی بەکەمترین تێچو باشترین بەڕێوبردن بکرێت، وەک حکومەتە سەرکەوتوەکانی ئێستا لە جیهاندا. هاوکات بەئەلیکترۆنیکردن لەلایەک پرۆسەی کۆکردنەوەی داهات خێرادەکات، هەر لەکۆکردنەوەی باج و رسومات و گومرک و داهاتی ئاو کارەبا، لەلایەکی دیکە ڕێگری دەکات لەگەندەڵی و ڕۆتیناتی بەهەدەردانی داهات.

ڕێکارو هەنگاوەکانی بەئەلیکترۆنیکردنی حکومەت:

١- بە ئەلیکترۆنیکردنی پەیوەندی نێوان حکومەت و هاوڵاتی.
٢- بە ئەلیکترۆنیکردنی پەیوەندی نێوان حکومەت و دامو دەزگاکانی حکومەت.
٣- بەئەلیکترۆنیکردنی کاری وەزارەتی دارایی لەگەڵ کۆمپانیاو بازرگانەکان.
٤- کردنەوەی هەژماری بانکی بۆهەمو هاوڵاتیەکی هەرێمی کوردستان، بۆ کار ئاسانیکردن لە پێدانی موچە بەهاوڵاتیانی فەرمانبەر، هاکات یارمەتیدەر دەبێت بۆ کۆکردنەوەی پارەی پسوڵەی ئاو کارەباو باج و گومرک و ڕسومات لە ڕێگای کارتی بانکیەوە، بەمجۆرەش گەندەڵی کەمدەبێتەوەو داهاتەکانیش خێراتر بۆ حکومەت کۆدەکرێتەوە.

## کەی نرخی نەوت بەرزدەبێتەوە؟

لەساڵی ٢٠١٩ دا ڕۆژانە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت بەکار براوە کە بەرێژەی ٤٠ % لە لایەن ئۆپیکەوە بەرهەمهاتوە، ساڵانەش بەهۆی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانەوە، نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل نەوت و زیاتر لەرۆژێکدا بەکاردەهێنرێت. بەم جۆرەش لەجیهاندا بری بەکارهێنانی نەوت بەرز دەبێتەوە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی وەستاندنی گەیاندن و گواستنەوە و داخستنی کارگەکانی پێشەسازی، بەنزیکەی لە هەموو جیهاندا ڕۆژانە بەهۆی وەستانی ژیانەوە بەکارهێنانی نەوت نزیکەی ٣٠ ملیۆن بەرمیل کەمیکردوە، لە مانگی نیساندا. بۆیە پێشبینی دەکرێت لەگەڵ بەردەوامبونی ئەم دۆخە چەقبەستوەی ئێستا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە کە کەس نازانێت کەی بەتەواوی یاساکانی کەرەنتین دەشکێت و کۆتاییان دێت، بەنمونە لە مانگی مایسدا بەکاربردن بۆ ١٧ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەمیکردوە، بۆ مانگی هەشتیش چاوەڕێدەکرێت دابەزێت بۆ کەمتر لە ٥ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەرزبونەوەی نرخی نەوت راستەوخۆ کاریگەری هەیە بەم فاکتەرانەوە:

١- هەرکاتێک کەیاساکانی کەرەنتین خاو بونەوەو ڤایرۆسی کۆرۆنا بەتەواوی کۆنترۆڵکرا لەجیهاندا، (واتە کاتێک کە ڤاکسینی بۆ بدۆزرێتەوە)، بەو هۆکارەش جوڵەو بازرگانی و پیشەسازی لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان دەستپێ دەکاتەوە.

٢- کاتێک ڕێکەوتنیکی نوێ لە نێوان وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک پلاس و بەرهەمهێنەرەکانی دەرەوەی ئەو هاوپەیمانێتیە بێتە ئاراوە، واتە سەرجەم دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت بەیەکەوە شان بخەنە ژێر ئەم بارە گرانە. چونکە هەمویان پێکەوە زیان دەکەن، ئەمەش وادەکات بەیەکەوە بتوانن ئەو پڕبونەی نەوت کە لە بازاڕی نەوتدایە ڕێکبخەن. هەرچەندە دابەزینی نرخی نەوت دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا، کەلە ئێستادا کەرتی نەوتی لیتەی ئەمریکا بە برێکی باش دابەزیوە. لە بەر ئەوەی خستنەرو کەمدەبێتەوە لەداهاتودا، ئەمەش جارێکی تر دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی نرخی نەوت.

## دەرئەنجام

هەرێمی کوردستان بەدۆخێکی مەترسیداردا دەڕوات، خراپی گوزەرانی هاولآتیەکان و دابەزینی نرخی نەوت و مەترسی پەتای کۆڕۆنا کاریگەری گەورە لەسەر هاولآتیان دادەنێت بۆیە حکەمەتی هەرێم دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە زۆر بەپەلە چاکسازی ڕیشەی بکات لە دەمو دەزگاکانی حکومەت و داهاتی حکومەتدا، بەتایبەت لە ماوەی ٦ ساڵی ڕابردودا ئەمە بۆ دوو هەمین جارە کە بە هۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە هەرێـمی کوردستان تووشی قەیرانی دارایی و ئابوری دەبێت. بۆیە وەرگرتنی دەرس لە مێژوو گرنگە بەتایبەتی بۆ کالآیەکی وەک نەوت، کە هەموو جیهان چاوی تێبڕیوە.

کۆنترۆڵکردنی نرخی ئەم کالآیە لە دەرەوەی دەسەلآتی حکومەتە خاوەن نەوتەکاندایە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بەزوترین کات دەستبکات بەچاکسازییە ڕیشەییەکان و دەستببات بۆ دەستکەوتنی داهاتی زیاتر لە ڕێگای هەمە چەشنەکردنی ئابوریەکەی و سەرچاوەکانی داهات، بۆ ئەوەی داهاتی دیکەی لە سێکتەرەکانی دیکەشەوە دەستبیکەوێت، ئامانج لەمەش ئەوەیە کە حکومەت داهاتێکی تارادەیەک جێگیرو بەردەوامی هەبێت. تالەکاتی دابەزینی خێرای نرخی نەوت، هەرێم توشی مەترسی و هەرەس و قەیرانی دارایی نەبێتەوە.

# سەرچاوەکان

1 . گەیلان عەباس، جیهان لەبەردەم کاریگەری دابەزینی نرخی نەوتدا، لێکۆڵینەوەی ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، کانونی دوەمی ٢٠١٥.

1. Kurdistan Regional Government of Iraq Oil production, export, consumption and revenue for the year ended 31 December 2019

2. Iraq's Economic Update — April 2020, at the site:

https://www.worldbank.org/en/country/iraq/publication/economic-update-april-2020?fbclid=IwAR0aI2dP_qYKQsDDp2TK5RbAaCCNSjB15aIBozZAFu-QxpExwN66PkylAGM